# هه ڵبژاردنه کان و داواکاری کوردان

## ( ڕۆژهه ڵاتی کوردستان )

ڕێناس جاف

وته کانی " عه بدوڵلا ڕه مه زان زاده" وته بێژی ده وڵه تی خاته می له جڤینی ڕیفۆرم خوازانی کورد له ڕۆژاوای ئێران، له گه ڵ کاردانه وه ی ژماره یێک نوێنه ری کورد و ناکوردی مه جلیسی ئێران ، به ره و ڕووو بوو.

ڕه مه زان زاده له و ده گمه ن سیاسه توانانه ی کوردی ئێرانه توانیویه هه تا بانترین پله و پایه کانی به ڕێوه به رایێتی سیاسی حکومه تی کۆماری ئیسلامی، ڕێ ببڕێ و تا پله ی وته بێژی ده وڵه تی چاکسازیخوازی سه یید محه مه دی خاته می ، هه ڵکشێ .

ڕه مه زان زاده که سه یدای زانکۆی تارانه ، له لێدوانێک دا ڕایگه یاند کورده کان ده نگی خۆ له هه ڵبژاردنه کانی سه رۆک کۆمارێتی ، به که سێک ده ده ن، ڕه چاوی حه ق و مافی وان بکات و دووی داواکاری و به شی ئه وان بکه وێ . وته کانی وته بێژی ده وڵه تی خاته می ، ڕه خنه ی نوێنه رانی ئالی ڕاستی مه جلیسی ئێرانی له دوو بوو.

" عه لی زاد سه ر" نوێنه ری ده ڤه ری " جیرۆفت" ، وته کانی ڕه مه زان زاده ی ، چه شنێ ناکۆکی نانه وه و ئاژاوه گێڕی له نێوان ئه تنیکه کانی جۆربه جۆری ئێرانی لێک دایه وه و داوای له خاته می کرد ڕه مه زان زاده وا لێ بکات داوای لێبوردن له کوردان ، بخوازێ .

زاد سه ر هێنانه ئارای به ش و داواکاری قه ومی ، سووکێتی و زوڵم ده رحه ق به کوردان ده زانێ و ئه ڵێ :

وا چاکه به ڕێز خاته می ، قه ره بووی شوێنهاتی وته کانی ڕه مه زان زاده بکاته وه .
ئه و ده نگدانه وه ی وته کانی وته بێژی ده وڵه تی خاته می، زێتر به که سایێتی مافه وانی ڕه مه زان زاده وه گرێ دا .
" کازم جه لالی " نوێنه ری ئالی ڕاستی مه جلیسی ئێران ، ڕووکردنه داواکاری ئه تنیکه کانی ، به چه کێ پڕۆپاگه نده یی زانی و وتی : شوێنهاتی ئه م چه شنه وته و قسانه ، دوای هه ڵبژاردنه کان ، ده رده که وێ .
به ڵام وته کانی ئه م نوێنه ره ی ئالی ڕاستی مه جلیسی ئێران که ده وریێکی کاراش له ته بایی دا ده گێڕێ ، کاردانه وه ی په یامنێرانی له دوو بوو .
په یامنێرێک پرسیاری لێکرد : گه ر ده کار هێنانی وا چه کێ، بیانووێیکه بۆ کاتی هه ڵبژاردنه کان ، ئه ی ئه تنیکه کانی ئێرانی که نگێ ده بێ داوا و داخوازی خۆ بێننه گۆڕێ ؟
جه لالی وه رامی دایه وه : ئه مه ی ده بێ بیر و فیکرێک بۆ ئه تنیکه کان بکرێته وه هه تا بتوانن ده ورێ چالاکتر بگێڕن ، هیچ شک هه ڵگر نییه به ڵام ده کار هێنانی ئه م جۆره مه سه لانه ، بۆ به رژه وه ندی نه ته وه یی به قازانج نییه . له و لاوه وته کانی ڕه مه زان زاده لای نوێنه رانی کوردی مه جلیسی ئێران، ده نگدانه وه یێکی جوێی هه بووه .
نێزیک به 20 نوێنه ری کورد له ستانه کانی کوردستان، کرماشان ، ئازه ربایجانی ڕۆژاوا و ئیلام له مه جلیسی ئێراندان . سه رپاکی ئه و نوێنه رانه جگه له عه باس ئه لی ئه ڵلاهیاری نوێنه ری کرماشان ، سه ر به فراکسیۆنی ڕاس خوازن و له ڕێی لاگری ئه نجومه نی

هێزه کانی شۆڕشه وه ، ڕێیان که وتۆته مه جلیسی حه وته م .
ئه م گرووپه به پێچه وانه ی نوێنه رانی کوردی مه جلیسی
شه شه م ، حازر نه بوون فراکسیۆنی کورد پێک بێت ،
هه روه ک ژنانی مه جلیس که نه چوونه ژێر باری پێک هێنانی
فراکسیۆنی ژنانی مه جلیس .
ئه وه له حالێک دایه چالاکی نوێنه رانی کوردی مه جلیسی
حه وته م له چاو مه جلیسی شه شه م ، پڕ که م ڕه نگتر و
کالّتر ئه نوێنێ ، هه تا به ئێستاش به یاننامه یان نامه یێکی
هاوبه شیان سه باره ت به ڕووداوه کانی نێو خۆیی و
نێو نه ته وه یی ، ده رنه کردووه . ئه رچی نوێنه رانی کوردی
نێو مه جلیس ، ته واو گوێی خۆیان لێ ئاخنیوه و کپ و
بێده نگن و له ڕاسیشدا هێورترین و بێده نگترین نوێنه رانی
هه موو خوله کانی مه جلیس دێنه ئه ژمار به لاّم له و
نێوانه دا دوو له وان کاردانه وه یان له حاند وته کانی
ڕه مه زان زاده له خۆ پیشان داوه .
" ئه نوه ری حه بیب زاده " نوێنه ری ناوچه ی بۆکان و
ئه ندامی ئالی ڕاس ئه لێ به ربژارانی سه رۆک کۆمارێتی
ده بێ له پڕۆپاگه نده ی خۆدا ، ئاوڕ له مه سه له و کێشه ی
ئه تنیکه کان بده نه وه چونکه سه رۆک کۆمارێتی دادێ ،
له داهاتوودا ده گه ڵ کێشه ی ئه تنیکه کان و کۆسپه کانی
سه ر ڕێ له و نێوانه دا به ره و ڕوو ده بێ.
" جه هانبه خشی ئه مینی" نوێنه ری کرماشان و ئه ندامی
ئالی ڕاس ، ئه و هه موو پڕۆپاگه نده و قسه و باسه ی
له حاند وته کانی ڕه مه زان زاده ی له جڤینی ڕیفۆرم خوازانی
کورد به ناڕاس زانیوه و وتوویه : ئه و له چوارچێوه ی
حکومه ت لای نه داوه . ئه مینی به" ئیرنای" وت :

به پێچه وانه ی ئه و هه موو ئاوه ژووکارییه ، له م جڤینه دا
باسێک له به شی کوردان و داوای وان له حکومه ت ،
نه هاتۆته ئاراوه .

ژێده ر : ڕۆژنامه ی شه رق، دووشه مه 17 ڕه شه مه ی
1383 هه تاوی (7 مارسی 2005 زاییني)

Renas caf@yahoo.com